# هونەرمەند و نوسەران لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ

## چۆپی فەتاح:

### هیوادارم کلیپە ئینگلیزییەکانم لە تەلەفزیۆنە جیهانییەکان جێگایان ببێتەوە



**تاییەت بە ( گۆوار)**

(چـــۆپی فـــەتاح) ســـەبارەت دوا پـــرۆژە هونەریـــەکانی، بـــە( گـــۆوار)ی ووت، کـــە دوای دووســـاڵ کـــارکردن، دوا بەرهـــەمم لـــە قۆنـــاغی کۆتاییدایە و بەم زوانە بڵاو دەبێتەوە. چۆپی ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەم بەرهەمە لە (12) گـــۆرانی پێـــك دێـــت، گۆرانیـــەکانیش بـــە سەرپەرشتی هونەرمەند(گۆران کامیل) لە وڵاتی سوێد تۆمارکراون و زیاتر لە(25) هونەرمەند کاریان تێدا کردووە .

لـــە نێویـــشاندا (4) گۆرانیـــان ئـــاوازی هونەرمەند( برهان موفتی)یەو (2) گۆرانیان لە ئـــاوازی هونەرمەنـــد ( زیـــاد ئەســـعد) و (2) گۆرانیـــان لـــە ئـــاوازی هونەرمەنـــد ( ئیـــدریس بالێتەیی) یەو گۆرانییەکیش ئاوازێکی یۆنانیە، کە بە چەندەها زمان وتراوەتەوەو (2) گۆرانی فۆلکلۆری پـۆرت پـۆری کرمـانجی سەرووشی تێدایە.

لەمەڕ تێکستی گۆرانییەکانیشی چۆپی وتی: تێکستەکان هی هەریەك لە: فەرهاد شاکەلی ( سەربەستی )، کەمال میراودەلی کردوویەتی بە کوردی، ئیسماعیل خورماڵی، کەریم بەدەل بالێتەیی، زیاد ئەسعد و فۆلکلۆرن .

هـــەروەها چـــۆپی ئاماژەی بـــە تـــەواو بوونی( 2)گۆرانی ئینگلیزی کرد، وەك خۆی وتی یەکێکیان لە سەر کارەساتی هەڵەبجەیە و ئەویتریان عاتیفیە.

چـــۆپی نیـــازی وایـــە دوای بڵاوبونـــەوەی ســـیدییە کوردیەکـــەی، هـــەردوو گۆرانیـــە ئینگلیزیەکەی بکات بە کلیپ لە ئەمریکا، یان لە ئەورووپا، لەم رووەشەوە هیوادەخوازێت لە تەلەفزیۆنە جیهانیەکاندا جێگەیان ببێتەوە.

هەروەها چۆپی ئەوەشی وت: دەبێت بۆ کلیپ کردنـی هەنـدێ لـە گۆرانیـەکانی سیدیەکەم، مەبەستم سیدیە کوردییەکەیە، دەست بەکار بم.

شـایەنی باسـە( چـۆپی فـەتاح )دەنگێـکی ناسـراوی کوردیـەوە و لـە ماوەیـەکی کەمـدا توانیوویـەتی جـەماوەرێکی زۆر بـۆ خـۆی پەیـدابکات، کـارە هونەریەکانیشی بوونەتە جێی رەزامەندندی خەڵکی کوردستان..

چۆپی لە ساڵی 1983 لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، تەمەنی هێشتا سێ ساڵ بووە، کاتێك کە رژێمی بەعس خەریکی بە عەرەب کـردن و راگـوێزانی خـەڵکی کـورد بـوو لـە کـەرکوك، بۆیـە بـە ناچـاری ئـەو شـارە جێدەهێڵێ، پاشان لە وڵاتی هۆڵەندا جێگیر دەبێ، لەگەڵ دوو برای و دایك و باوکی درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، لە تەمـەنی حـەوت ساڵیدا دەچێتە گرووپێکی کۆراڵ لە هۆڵەندا، لە گەڵ ئەم گرووپەدا کە زیاتر لە (20) منداڵ دەبـن، بـە سەرپەرشـتی مامۆسـتایەکی هۆڵەنـدی فێـری گـرو گـاڵی مۆزیك و گـۆرانی وتن دەبێت.

لـه تەمـەنی ( 13) سـاڵیـشدا دەچـێتە قوتابخانـەی دەنـگ لـە هۆڵەنـدا بـۆ ئـەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی زانستیانە شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا بکات، لەوێ زیاتر لە هەوڵی ئـەوەدا دەبێـت تۆنـەکانی پـاك بکاتـەوە و هەندێك لە سەرەتاکانی ئەو زانستە فێر بێت. بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لـەو قوتابخانەیـەدا بـەردەوام دەبێـت و پاشان سـاڵێك دەرسـی مۆزیـك دەخـوێنێ، بـە تایبـەت ئـامێری ( کیبۆرد )، لە تەمەنی (16) ساڵیدا بە رێگەی هونەرمەنـد (جـەواد)ەوە کـە سـترانبێژێکی کوردستانی باکوورە، لە گەڵ کۆما بەرخودان ئاشنا دەبێ، دواتر دەچێتە ئەکادیمی کوردی لە ئەڵمانیا و هەر لەوێش بە مامۆستا(وریا ئەحمەد) ئاشـنا دەبێـت و یارمـەتی زۆری دەدرێت تا دەچێتە (medya tv) و بۆ یەکەم جار لە پرۆگرامی شانشین بەشداری دەکات.

هـەروەها بـە هانـدانی ئاوازدانـەر ( بورهـان مـەفتی زادە ) بـیر لـەوە دەکاتـەوە کـە بەرهەمێکی سیدی بڵاو بکاتەوە.

یەکـەم بەرهەمیـشی ( چیت ناو بنێم )ە، کە ( 9) گۆرانی لە خۆ دەگرێت، کـە بریتین لە گۆرانیـەکانی(خۆشەویستم چیت ناو بنێم، سەرچـاوەی ئاویـك، لـە گـەڵ خـەم بوومـە هـاودەم، یـارا مـن، لـە مـەحزونان، خۆشەویـستەکەم ئەگەڕێتـەوە، هـەڤاڵا مـن، خـەمی دووری تـۆ، هێـشتا ئاسمان) ( (4) گۆرانیـان لـە ئـاوازی هونەرمەنـد ( بورهـان موفتی )ین ، سـەرەرای ئـەو بەرهەمە چۆپی زیـاتر لـە (30) گـۆرانی لـە تەلەفزیۆنـە کوردییـەکان تۆمـار کـردووە و ئێـستاش خـەریکی دووهەمیـەتی، کـە وەك چۆپی پـی راگەیانـدین، بریـارە بـەم نزیکانـە بـڵاو بکرێتەوە.